# هاوبەشیی

**ئەمجەد شاکەلی**

لە نێوان هەردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی، کوردسات و تەلەڤزیۆنی کوردستان(KTV)دا، لە دیدی کوردایەتی و بۆچوونی هاوبەش و پاشەڕۆژی کوردستان و یەکدەنگی و یەککاری و یەکڕەوتاری و یەکگوتارییەوە، شتێکی ئەوتۆ و گرنگ، وەدی ناکرێت. پرانی بۆچوون و هەڵوێستەکانیان جیاوازن و لەیەکەوە دوورن. کەناڵی کوردسات، ئەگەر هەوالێکی بەغدا، کەرکووک یا هەر جێگەیەکی دیکەی کوردستان پێشان بدات، کامیراکەیان لە نێو ئەو کوردانەی، کە لەو بۆنە و شوێنەدا هەن، تەنێ ئەو کەسانە پێشان دەدات، کە خەڵکی خۆیانن، واتە: خەڵکانێکن سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. ئیدی خەڵکانی ناکورد بۆ ئەوان کێشە نییە و هەموویان پێشان دەدرێن. ئەوەی زێتر بۆ ئەوان کێشەیە، ئەو کەسانەی سەر بە پارتیین. لە چاوی کوردساتەوە، هەر ئەوانەی پارتیی تێدا نەبن، ئیدی خودای دەکرد هەرچی جنۆکە و شەیتان هەن تێیدا دەبوون. ئەوەی، کە هاوبەشە و چ کێشە و گیروگرفتێکی تێدا نییە و هەردوولایان پەخشی دەکەن و لەو تەلەڤزیۆنانەوە دەبینرێن و هیچ جۆرە ملانێیەکیان لە سەری نییە، شتگەلێکن، کە نەک سوود، بەڵکە زیان بە کورد و فەرهەنگی کوردیش دەگەیەنن :

<u>یەکەم</u>: زۆری و بۆریی گۆرانی و مۆسیقای بێتام و ناکوردی و ناهونەرییە، کە تەنێ بۆ ئەوەی بە نوێکردنەوە و تازەگەریی نێونووس بکرێن، تژی دەکرێن لە، کیژۆڵەی تەمەن منداڵی ژێرناوک بەدەرەوەبوو و بەلەم و قەراخ زەریاچە و ئۆتۆمبیلی نوێ و جلی ڕەنگاوڕەنگ و کوڕی گوارەلەگوێ و بەفر و جادەی خاوێن و پلیکانەی بەرز و سەگ و کۆتر و مۆسیقاژەنی سەرجادەی شەپقەلەسەر و کوڕی سەربەگوێزانتاشراو و فرۆشگە و بازاڕی گەورە و...دەیان شتی دیکەی ئەورووپایی و دەیانەوێت بەو جۆرە هونەری کوردی بئەورووپایێنن. ئەوە نەک هەر هونەر نییە، بەڵکە داتەپاندن و ڕووخاندن و وێرانکردنی هونەرە.

<u>دووەم</u>: بەشێکی زۆری کاتی ئەو تەلەڤزیۆنانە، بۆ عەرەبی و تورکمانی و ئاشووری و فارسی و ئەوانە تەرخان کراوە. ئەو زمانانە و زمانگەلی دیکەش، ئەگەر تەنێ دەنگوباس و هەواڵ و بابەتی کوردی پێ پێشکەش بکرێن، ئەوە کارێکی زۆر باشە، بەلاّم تۆ بێیت و گۆرانی عەرەبی و چەقەنە و ئەوانە بە عەرەبی پەخش بکەیتەوە، ئەوە هیچ کارێکی باش نییە و یەک ڕێژەیش سوود بە مەسەلەی کورد ناگەیەنێت. عەرەب هێندەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەیە، کە سەروزیادیانە و بەشی عەرەبی سەد ساڵی دیکەش دەکەن. ئاشوورییانیش کەناڵی خۆیان هەیە و چ پێویست دەکات، ئەو کەناڵە کوردییانە ببن بە بڵندگۆی ئەوان. هەرچی ئەو کاتەشە، کە بۆ زمانی تورکمانی دانراوە، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی دیداریان لەگەڵدا دەکرێت، هەموو کوردی هەولێر و کەرکووک و شوێنەکانی دیکەن و لەو دیدارانەدا بە تورکمانی قسان دەکەن. ئیدی باسی کاری دەستی و فرۆشگە و بازاڕ و دەیان شتی دیکە دەکەن. ئەوە نەک هەر پێویست نییە، بەڵکە ئەو پرۆگرامە بە دەستی خۆی، ئەو کوردانەی، کە لەو کاتەدا بە تورکمانی قسان دەکەن، وەک تورکمان پێشانیان دەدات.

<u>سێیەم</u>: ڕێکلامی "چای جیهان". چای جیهانی "دووغەزالی" سەوز، چای جیهانی "دووغەزالی" سوور، چای جیهانی "دووغەزالی" بۆندار و...ئەو دەنگەی، کە ڕێکلامەکە پەخش دەکات، دەنگی کچێکە، واتە: لە سلێمانی و لە هەولێر، هەر هەمان دەنگە.هەردوو کەناڵ وەک یەک پەخشی دەکەن و تەنانەت وشەی"غەزال"ی عەرەبی ناو ئەو ڕێکلامەشیان نەکردووەتە کوردی. خۆ دەکرا لەبری "غەزال" بڵێن "ئاسک" یا "مامز"، کە دوو وشەی کوردین. بێجگە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەو "چای"یە، کە هی ئێرانە، ڕێکلام بۆ "چای مەحموود"یش دەکرێت، کە ئەویش هەر ئێرانییە. تۆزێک یا گەردێک هەیە بە نێوی "ئاڵتونسا Altunsa"، دەکرێتە خۆشاو(شەربەت) و دەخورێتەوە. ئەمە بەرهەمێکی تورکیاییە و ڕۆژانە چەندین جار لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە، ڕێکلامی بۆ دەکرێت. دیارە زۆرینە یا تەواوی ئەو کاڵا و شتگەلەی لە کوردستان تیڤی و کوردساتەوە ڕێکلامیان بۆ دەکرێن، کاڵا و شتگەلێکن، هی کوردستان نین. هی تورکیا یا ئێرانن. ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنانەی کوردستان، بێ ئەوەی سیاسەتێکی فەرهەنگی و نەتەوەیی ئاراستەیان بکات و پێوەرێکیان بۆ ئەو کارانە هەبێت، وەک لە هیچ کار و سیاسەتێکی دیکەی کوردستان و دەسەڵات و دەسەڵاتدارانیشیدا وەدی ناکرێت، زۆر بێ شەرمانە ڕێکلام بۆ کۆمپانیا و کاڵای تورکی دەکەن و بە شانازیشەوە باسی لێوە دەکەن.

چوارەم: وشەی "هەماهەنگی"، کە هەموودەم لە سەر زمانیانە و بەکاری دەبەن. لێژنەی هەماهەنگی و بە هەماهەنگی و کاری هەماهەنگی و.... زۆری دیکەش. وا پێدەچێت و بێ ئەوەی بیر لە سەرچاوەی ئەو وشەیە بکەنەوە، ئەو وشەیەیان زۆر لە سەر زار خۆش بێت. وشەی "هەم"، فارسییە و بە فارسی دەنووسرێت "هم"، کە دەکاتە "هاو"ی کوردی. فارس دەڵێ"همسایە"، لە کوردیدا دەبێتە "هاوسێ یا هاوسا". فارس دەڵێ"همدرد"، لە کوردیدا دەبێتە "هاودەرد". فارس دەڵێت "هم کلاس"، لە کوردیدا دەبێتە"هاوپۆل". ئیدی بەو شێوەیە، دەکرێ "هماهەنگ"یش ببێتە "هاوئاهەنگ" یا ئەگەر بەسەریەکەوە بنووسرێت، دەبێتە "هاواهەنگ". دیارە وشەی "ئاهەنگ" بە کوردی و "اهنگ" بە فارسی، هەر یەک وشەیە و دەکرێ کوردی بێت و دەکری فارسییش بێت.

پێنجەم: پرۆگرامی زارۆکان، لە هەردوو کەناڵی کوردستان تیڤی و کوردسات، زۆرجاران، لە یەک کاتدا، پەخش دەکرێنەوە. بەو کارە منداڵی کورد ناچار دەبێت، تەماشای یەکێک لەو کەناڵانە بکات و ئەوی دیکەی لە دەست دەچێت. دیارە بڕیاری تەماشاکاکردنی ئەو کەناڵانەش، گەورەکانی ماڵێ(باوک، دایک، خوشکی گەورە، برای گەورە و..) دەیدەن و ئەوانیش بە گوێرەی مەیل و ئارەزووی خۆیان، کە ئایا پتر کوردساتیستن یا کوردستانتیڤیستن، کەسکیست یا زەردیستن. بەو جۆرەش، ئەو دوو کەناڵە، منداڵی مێشک خاوێن و پاک و ساف و بێڕەنگ و بێگەردی کورد، دەکەنە دوو بەشەوە و مێشکیان بە یەکێک لە ڕەنگەکانی خۆیان، ڕەنگ دەکەن.

شەشەم: بەشێکی زۆری کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی جیهان، پێش پەخشکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان، یا کاتێکی دیکە، هەندێک وێنە پێشان دەدەن، کە باس لە ڕووداوێک یا هەواڵێک دەکەن، بە بێ ئەوەی قسە و کۆمینتار (تەعلیق/تعلیق)ی لەگەڵ بێت. کوردستان تیڤی، ئەو بەشە بە نێوی"وێنەهەواڵ"ەوە و کوردساتیش بە نێوی"وەک خۆی"ەوە پەخش دەکەنەوە. لە کەناڵە ئینگلیزی زمانەکاندا بە نێوی نۆکۆمێنت"No Comment"، واتە: بێ کۆمینتار، بێ تەعلیق، بە عەرەبی"بدون تعليق"ەوە، پەخش دەکرێتەوە. "وێنەهەواڵ"، بۆ زمانی کوردی، واژەیەکی جوان و لەبارە و واتای ئەو پرۆگرامەش دەپێکێ و دەداتە دەست، وەلێ "وەک خۆی"، لەگەڵ چێژی زمانی کوردیدا، پێک نایەتەوە و کارێکە، ئەگەر تەنێ یەک مەبەستی هەبێت، بۆ ئەوەیە، وەک "وێنە هەواڵ"ەکەی کوردستان تیڤی، نەبێت و لەو نەچێت!

دیارە ئەگەر مرۆڤ چ کارێکی نەبێت و دانیشێت بۆ بینینی ئەو دوو کەناڵە، ڕۆژانە سەدان هەڵەی زمانەوانی وەبەرگوێ دەکەوێت. ئەگەر هەڵەکان، خەڵکانی نێو جادە و هەروا بەسەرپێیەوە بێڵێن و بیکەن، ئەوە دەکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت، لێ ئەگەر بێژەر و کارمەندان و ئامادەکارانی پرۆگرامەکانی ئەو تەلەڤزیۆنانە ئەو هەڵانە بکەن، ئەوە دەبێ پێیان بگوترێت، با کەمۆکەیەک بەزەییان بە زمان و فەرهەنگی کورددا بێتەوە!.

2003/11/9



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com